"پاشەکشە لە بەرانبەر راستیەکان‌دا"

پاش ئەوەی هەرکام لە بەڕێزان "قادر عبدی"، "هاشم کریمی"، "سعید کوێستانی"و "هەڵۆ ٢١"و... وەڵامی بوختانو تۆمەتودرۆ شاخدارەکانی "م.موراد"و "حەمە گاوان"یان دایەوە، بێبناغەیی‌و نیازی رەشی شاراوە لە پشت ئەم "پیلاننامە"یان بۆ دۆستانو دڵسۆزانی حیزبو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران سەلماند، بۆ هەموو لایەك دەرکەوت ئەو بەناو دڵسۆزانەی حیزبی دێموکرات بۆ راگەیاندنی مەبەستەکانیان هێندە بیرتەسك‌و کوێرزەین بوون، لەبیریان چوبوو کە کەسانێك هەن ئەگەر لە هەر جێگایەك بن، ئیمانو باوەڕیان هەر لای حیزبو ئامانجەکانیەتی‌و ئامادە نین لە بەرامبەر کۆمەڵێك بەیتو بالۆرەی هەڵبەستراودا بێدەنگ دانیشن‌و لێگەڕێن چەند نامرادو گاوان‌پیشە بە کەیفی خۆیان حورمەتو "اعتبار"ی تێکۆشەرانی دێموکراتو ڕێبەرایەتییە بە دێموکراسی هەڵبژێردراوەکەی کە لە کونگرەیەکی ئازادو زیندوو خاوەن سەلاحییەتدا دەنگی ئەکسەرییەتی ئەندامانیان بەدەست هێناوە، بێننە ژێر پرسیارو دڵی پڕ لە کینەی دوژمنانمان پێ خۆش بکەن.

ئێستا وڵاتەکەمان ئێران‌و سەرجەم ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست خەریکە بە قۆناغێکی زۆر ناسك‌دا تێدەپەڕێ کە ئاکامی ئەم گۆڕانکارییانە لە قازانجی گەلانی چەوساوەو لە ئازادی بێبەش‌کراو ـ وەك گەلی کورد لە کوردستانی ئێران ـ دەبێتو بۆ ئەوەی حیزبی ئێمەش وەك ڕێبەری بە ئەزموونی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازانە لە کوردستان، خاوەنی قورسایی‌و شوێن‌پەنجەی شیاوی خۆمان بین‌و لە رەوتی داهاتووی گۆڕانکارییە ئیجابییە چاوەڕوانکراوەکان‌دا، پاشکۆو چاولێکەرو بێبەش نەبین، لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستمان بە یەك‌دڵی‌و یەکدەنگی‌و یەکگرتوویی تەشکیلاتی هەیە، بەڵام هێندێك کەس کە بە پێی عادەت بە پێچەوانەی جەرەیانی ئاو مەلە دەکەن، بێئەوەی بوومەلەرزەی ئاڵوگۆڕەکان‌و شنەبای ئازادی کە ناوچەی گرتۆتەوە، رووبیان پێوەرسووڕێنێتەوە، ئەوەندەی بۆیان دەکرێ‌و دەستیان دەڕوا، دەستبەرداری دژایەتی کردن لەگەڵ ئەکسەرییەتی حیزبی دێموکرات نابن‌و تەنانەت رابردووش نەیکردوونەتە قوتابی‌یەکی زیرەك‌و گوێرایەڵ.

من لێرەدا وێڕای ئەوەی لە دڵەوە سوپاسی ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە زۆر بەوەختو شۆڕشگێڕانە چیرۆکە دەستکردەکانی گاوان‌و م.مورادیان کردە بڵقی سەر ئاو، داواش لە هەموو ئەندام‌و لایەنگرو دۆستو دڵسۆزێکی حیزبی دێموکرات دەکەم هەرکەس لە جێی خۆیەوە ـ لەگەڵ رەعایەت کردنی ئۆسووڵو قانوون‌و بڕیارەکانی حیزبو خۆپاراستن لە قسەی سوك‌و بێحورمەتی‌و بە پێچەوانەی هاوبیرانی کابرا گاوانەکە ـ دیفاع لە ئەرزش‌و خەباتو ئەزموونی شۆڕشگێڕی‌و تەشکیلاتی حیزبی شەهیدان بکەن، هەر کەسێکیش چارەنووسی گەلی کوردو تێکۆشەرانی ڕێگای ئەم گەلەی بۆ گرینگ بێت، هەر ئەویش قەزاوەت دەکا ئێمە راست دەڵێین یا ئەوانەی قەڵەم‌و کاغەز دەخەنە بەردەستی گاوان‌و م.ناموراد!!

بە سپاسەوە

فایق محمودی